له رۆژنامەی میدیاوە ...

# ئەو کورەی دایك وباوکی خۆی کوشت ...

راپۆرتی رزگار کۆچە ر
rzgar_kochar@hotmail.com

ئەوان هەرگیز حەزیان نەدەکرد گوندەکەیان ( باشتەپە )جێ بهێلن بەڵام کاتێك گوندەکەیان دەکەوێتە ژێر شالاوی بەعسیەکان وگوندەکەشیان دەجێتە ناو پرۆسەیەکی گلاوی خاپور کردنی کوردستان ئەوانیش بە ناچاری لە ساڵی 1984 هاتنە شار ئەو کاتەش مام قادر کەوتە خەریکی کاسبی کردن , مام قادر و پلکە فاتیمە پاش ئەوەی هیچ منداڵێکان نابێت تا ئەو رۆژەی چاویان لە ژیانیش مابوو هەر حەزیان دەکرد کەسێك هەبێت وەك باوك ودایك سەیریان بکات , مام قادری حەلاف وەك دراوسێ کانی باسی دەکەن ئەوندە کەسێکی خێرەمەند بوە هەردەم گیرفانی بۆ ئەوانە والا بوو کە پێویست بوینە یان لە دوای خێرگەراون , دوایی ئەوەی مام قادر و پلکە فاتیمە سەردانی حەج دەکەن زیاتر هەوڵ دەدەن خێر بەو کەسانە بکەن کە پێویست دەبن پاش ئەوەی تەمەنیان زیاتر بەرەو پیر بوون دەجێت چونکە وەك دەڵێن مام قادر لە دایك بوی ساڵی 1930 یەو پلکە فاتیمەش ساڵێك پێش هاوسەرەکەی لە دایك بوە , هەر بۆیە مام قادر زۆر هەوڵ دەدات کەسێك دەست نیشان بکات سۆزی خۆی وەك باوکیك بداتە کەسیك تا شوینی منداڵێکی بگریتەوە لەم کاتەش گەنجێك دەبێتە جێگای متمانەی مام قادر هەر بۆیە مام قادر بێ ئەوەی ئاگادار بێت ئەم گەنجە لە جیات هاوکاری و کارە چاکەکانی دوای خۆل بەسەر جەستەی پر بەرائەتی دادەکات , بەڵێ مام حاجی هاوکاری ( م ) بۆ ژن هێنان و دامەزراندنی دوکان ودابین کردنی پێدا ویستیەکانی ناو دوکان دەکات و هەردەم وەك منداڵێکی خۆی سیری دەکات تەنانەت وەك دەڵێن ئەو کەسە لای مام قادر ئەوندە خۆشەویست بوە لە خزمەکانی زیاتر بوە , هەردەم هاوکاری کردوە یارمەتی داوە هەر بۆیە لە جیات ئەوەی ( م ) جاکەو پیاوەتی مام قادر بداتەوە هەڵدەستێت دەستی گلاوی تێکەل بە گروپێك دەکات کە لایان مرۆڤ کەم ترین بەهای هەبوە , لەم کاتەش مام قادر وەك قەربوونەوە بۆ پارچە زەویەکەی زەویەك وەردەگرێت لێرەش ئەو کەسە واتا ( م) چاوی دەبرێتە مولك ومالی مام قادر , بەڵام چۆن پلانەکەیان جێ بەجێ بکەن ئەوا بیر کردنەوەی دەوێت لای ئەو کەسانەی کە خەنجەری ژهراوی لایان وەك یاریەکی منداڵانەیە , لەم کاتەش پلکە فاتیمە دەمێك دەبێت بە دەست نەخۆشیەکەی دەناڵێنێت هەردەم بیر لەوە دەکات چارەسەریەك بۆ نەخۆشیەکەی بدۆزێتەوە لەم کاتەش ئەوان باشترین دەرفەت وەردەگرن تا پلانەکەیان سەربگرێت چونکە وەك دەڵێن مام قادر ئەو پارچە زەویەی کە هەیبوە بە نرخێکی خەیاڵی کە نزیکەی 280 گەلا کراوەتەوە لەلایەن ئەو چەند کەسە هەرچەندە ئەو پارچە زەویە ئەوندەشی نەهێناوە بەڵام ئەوان خۆ هیجیان زەرەر نەکردوە نە پارەیان داوتە مام قادر نە هیچ !!!!!!

بەڵکو بۆنیدیان پێ مۆرکردوەو دوایش هەر بە خۆیان پارچە زەوەیەکەیان بە نرخێکی زۆر کەم تر داوەتەوە کەسێکی تر لێرەش ئەو کەسەی جاران مام قادر هاوکاری کردوەو مالی بۆ دانـاوە دوکـانی بـۆ کـردوە لـەم پرۆسەیە نزیکەی 25 وەرەقەی بەرکەوتوە .

بۆیە ئەوان بۆ ئەوەی مام قادر لە وجود نەهێلن پێویستیان بە پلانێکی گلاو بوە تا کارەکەی خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن هەر بۆیە پاش ئەوەی بە پلکە فاتمە دەلێن وەلا دکتۆرێکی جاکمـان بـۆ دۆزیتـەوە لـە موسـل بلکە فاتمە لە رێگای ئافرەتێکەوە کە ناوی ئەسلی خۆی ( ح) یەو ناسـراوە بـە ( س ) ئـەویش هاوکـاری ی ئەو گروپە بوە دەهێنریتە دەرەوەو دوایش بەهەمان شێوە مام قادریش باش ئەوەی لە مزگەوت نوێژەکەی تەواو دەکات بە نیازی گەرانەوە بۆ مال ئەویش وا تێدەگەینرێت کە پلیتی دکتۆریان بۆ براوەتەوە دەبێت بە زوترین کات بچن بۆ موسل لەم کاتە ئەوان لەگەل  شوفێرێکی تر بـەری دەکـەون , کاتێـك درنگـی شـەویان بەسەر دادێت مام قادر دەڵێت بەم شەوە باش نیە بەرێ کەوین بۆ موسل با سەبر بگرین تابەیانی ئـەوانیش وەك ئەوەی هەموو شتێکیان ئامادە کردوە دەلێن ئێمەش هەمان رای تۆمان هەیە مام قادر..

بەلام مادەم هەر هاتوینە ئەم رێگایە ئێستا مالی مدیر تاپۆ لە گوندی عەوینەیە دەجین مەسەلەی ئەرزەکە کۆتای پێدەین و بۆ بەیانیش دەجینە موسل , بەم قسانە مام قادر رەزامەند دەبێـت  و بـەرێ دەکـەون لـە گوندەکانی عوێنە تێپەر دەبن دوایش گوندی سـەید ئـەمین ئینجـا دەکەونـە زورگـەکان ونزیـك دەبنـەوە لـە گوندە عارەب نشیەنەکان دیارە تاوانباران لەمەشیان هەولیان داوە تاوانەکە بخەنە ئەستۆی کەسانێکی تر , هەر بۆیە پاش ئەوەی دەکەونە نزیك ئەو شوێنەی کە هەر دوو تاوانبارەکە ئامادەیان کردوە کە ئەویش لـە شێوەی گۆرێکی نزیکەی یەك مەتریە بە مام قادر و پلکە فاتمەی نەخۆش دەلێن وەلا ئۆتۆمبێلەکەمان تێـك جوە , هەر بۆیە مام قادرو بلکـە فاتیمـە وەك بلێـی دلّیـان خەبـەری دابێـت پـشت بـەم خۆلـە دەکـەن کـە گۆرەکەی لە تەنیشت لێدراوە لەم کاتەش ( ع )  تاونبار کە تەمەنی بیست سالّ دەبیت وتاوانباری سەرەکی ئەم تاوانەیە سەرۆکی ئەم باندەیە میلی گلاشنکۆفەکەی رادەکێشێت وەك خۆی لە لیکۆلّینەوەکان ئاماژەی پێدەکات نزیکەی بیست فیشەك لە بلکە فاتمە بەسـتە زمـان و نـەخۆش دەدات لـەم کاتـەش مـام قـادر کـە دەبینێت نزیکترین کەس لای بـەم شـێوە درندانەیـە گولـە بـاران دەکرێـت هـەول دەدات پـر داتـە بکوژەکـە ئەویش چۆن بەزەیی بە پلکە فایتیمە ناهێت ئەواش مام قادری حەلاف دەخاتە ژێر رەحمی گولـەو سـینگی ماندووی پرلە فیشەك دەکات , پاش ئەوی ئەوان دەزانن تەواو مام قـادر و پلکـە فاتمـە چـاویان تـازە هـەل نایەتەوە ئینجا تەرمەکانیان بەیەکەوە بە پۆدێن دەبەستەنەوە لەناو ئەو گۆرەیان دادەنێن کە رۆژێك پێشتر بۆیانیان ئامادە کردبوو  ( م ) یش لە جیات پیاوەتی دانەوەی مام قادر هێدی هێدی خۆل بەسەر گۆرەکەی دەکات ..

دوایش پاش 26 رۆژ لە ونبوونی مام قادرو پلکە فاتمە هێزەکانی ئاسایش توانیـان گروپێکـی پێـنج کەسـی دەستگیر بکەن ودان بەم تاوانە دەبنێن کە ئەنجامیان داوە .....